**درۆمەکەن بەدەممانەوە، دابەشکردنی پۆستەکانتان، نە بە دەنگدانی ئێمە ونە بە هەڵبژاردن بوە !!**

* سەرۆک سەددام حسەین لە ئەخیر هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەکانی پێشوشیدا بەڕێژەی لە سەداسەد لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی بۆ سەرەک کۆماری پێدرا! ! ! !
* تاڵەبانی و جەعفەری لە لایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی سەرۆکایەتییان پێدرا ! ! !
*پەرلەمانی کئردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگی پێدرا وئەندامەکانیشی سوێندی یاساییان خوارد کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن ! !
* عەدنان موفتی ودووجێگرەکەی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەناوپەرلەماندا لەلایەن ئەندامانیەوە پۆستی سەرۆکایاتی پەرلەمانیان پێدرا !!!
* پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆبە کۆی دەنگ سەرۆک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد! ! !

ئەمانە بەشێکن لەو بڕیارانەی کە چەندیین ساڵەبە ناوی خەڵکی کوردستان و عێراقەوەدەکرێت لە ژێر ناوی هەڵبژاردنداو بڕیارەکانیش هەمووی لەسەرو خەڵکەوەو بەبێ ئیرادەی خەڵک بڕیاری لەسەر دەدرێت و ئەوەی لەسەر خەڵکە تەنها ئەوەیە دواتر بێتە سەرتەلەفیزۆن وو ئەو چوار دێڕە بڵێتەوە کە لەپشت کامێرەکەوە لەسەر کارتۆنێکی گەورە بۆی نوسراوە ! ! !
ئاخۆ تاڵەبانی و جەعفەری لە لایەن خەڵکی کوردستان و عێراقەوە ئەم پۆستەیان پێدرا .بێگومان نەخێر ئەوە بڕیاری سەرو خەڵکیی حیزبە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە وڵاتانی دەوروبەر بوو بۆ هەڵبژاردنیی کەسانێک کە هەمو سیفاتێکی تیابێت ودۆستایەتیی لەگەڵ هەموو لایەکدا هەبوو بێتوو لاملی هەموانی وەک یەک ماچکردبێت هە ر لە سەددامەوە بگرە تا دەگات بە خومەینیی و سستانیی و بووش وبلیمەر و............ ، دەبێت کەسێکی سۆسیال دیموکرات بێت و ڕەگێکی شیعە ی تیابێت و موسوڵمانێک ی سوننی جێگامتمانەی بوش بێت وناسیۆنالیستێکی عەیارە 24 بێت بۆ دیفاع لە کوردایاتیی و زوو زووش ئامادە بێت پشتی بات لە عەرز بۆناسیۆنالیزمی عەرەب.بێگومان کەسانێکی بەم جۆرەهەر ئەم دوانە دەبن بەتایبەت سەرۆک جەلال تاڵەبانی کە خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەی لەم چەشنەیەبۆیە شەرەفی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ی پێدرا .
کاتێک پەرلەمانی نوێ دانرا لەلایەن یەکێتی و پارتیاوە , ئەندامەکانی پەرلەمان هاتن و سوێندی یاساییان لەبەردەم ئەوانەداخوارد کە دەنگیان پێداون (تاڵەبانی و بارزانی) کە زۆربەی زۆریان کەسانی نە ناسراو بوون، دواتر دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس وتی(( بفەرموون ئێستەش دەرگا ئاوەڵایە بۆ ئەوانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ سەرۆک پەرلەمان و دوو جێگرەکەی! ! !)) دواتریش زۆر پێکەنیین ئامێزانە کاک عەدنان و دوو جێگرەکەی یەک لەدوای یەک هەستان و هەریەکەیان ناوی ئەوی تریانی دەهێنا کە گوایە ئەمیان ئەوی پێباشە و ئەو تەرشیح دەکات و ئەویشیان ئەمی پێباشە!!!!!!! وەک ئەوەی خەڵکی کوردستان و عێراق لە گوێی گادا خەوتبن و ئاگادار نەبن کە لەسەر ئەو کورسیانە خەریک بوو جارێکی تر شەر دەست پێبکەنەوە و لەسەر ئەو کورسیانە چەندیین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیتان بە شەڕ کۆتایی هات ! !
لەهەمووشی سەیروو سەمەرە تر ئەوەبوو یەکسەر کاک عەدنان و دوو جێگرەکەی هاتن و دکتۆر ڕۆژ جێگەی بۆ چۆڵ کردن و کاک عەدنان دەستیی کرد بە نامە خوێندنەوە وەک سەرۆکی پەرلەمان بێئەوەی هیچ دەنگدانێکیشیی بۆ کرابێت، نازانم دڵی خەبەری دابوو پێشتر کە خۆی دەر دەچێت بۆ سەرۆک پەرلەمان ! ! گەر پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو ئەم تەمسییلیە چیی بوو، کاک عەدنان گەر دەوری پێنابیینرێ خۆ ئەحمەد سالار لەوێبوو دەکرا پێشتر ئەو پرۆڤەیەکی پێبکردنایە . .
پەرلەمەنی کوردستان بە کۆی دەنگ سەرۆک مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد ! ! ! ئەم فلیمەشمان دەمێکە دییوە و لە لایەن سەرکردایەتی هەردوو لاوە چەندیین جار بە گوێماندا دراوە و هیچ پەیوەندیی بە پەرلەمانەوە نیە وە ئەمە پێش ئەم پەرلەمانە بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن سەرکردایەتیی ئەم حیزبانەوە لەکاتی بەشکردنی

کورسیه کانی عێراق و کوردستان. ئەم پەرلەمانە کارتۆنیە لە پەرلەمانەکەی پێشوو کارتۆنترە، لانی کەم پەرلەمانەکەی پێشوو پێکهاتبوو لە سەرکردایەتیی هەردوو لا, ئەم پەرلەمانە، نە ئەو تواناییەی هەیە سەرۆکی هەرێم دابنێ نەبۆی هەیە لاشی بەرێ، بەڵکو ئەم پەرلەمانە خودی خۆی بە بڕیاری مەسعود بارزانی و تاڵەبانی دانراوە نەک بە پێچە وانەوە....کورد وەتەنی دەڵێ..... زۆجیکە بلێ مەدالیایە ! !

لەکوردستان و عێراقدا ئەوە دەنگ و ویست و نیازی خەڵک نیە کە پۆستەکان و لێپرسراوەکان دابەش دەکات، بەڵکو دەنگی خەڵک ڕۆژانە بەشکڵ و شێوازی جۆراو جۆر نارەزایەتی دەردەبڕێت و دێتە سەر جادە وداخوازیەکانی بەڕوی ئەم دەسەڵاتە ناشەرعیەدا دەدات ، ئەم دەسەڵاتە ناشەرعیەش بەهەڕەشەو گرتن و تێکدانی ڕێپێوانو نارەزایەتیەکانیان وەڵامیان دەداتەوە ، دەسەڵاتی خەڵک لەم شوێنەدا یە نەوەک لە مەرکەزی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی!!

13.6.2005 ئالان محەممەد alanmohammad@msn.com